# پرسی کورد لە سەردانەکەی باراک ئۆباما بۆ تورکیا

لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا، باراک ئۆبامی سەرۆکی ئەمریکا بە ئاشکرا لەسەر پرسی کورد راوەستاوەو سێ جاران باسی کوردی کردووە.

لەو بارەیەوە ئۆباما ئاشکرای کردووە کە لە دیدارەکانی خۆیدا لەگەڵ عەبدوڵڵاو گوی، سەرکۆماری تورکیا و رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیراندا باسی پرسی کوردی کردووە.

لەکاتی وتاردانیدا لە نێو پەرلەمانی تورکیادا. باراک ئۆباما خوازیاربوو کە تورکیا هاوشانی ئەمریکا بەمەستی نۆرمالیزەکردنی عێراق کاری هاوبەش لەگەڵ حکومەتی بەغدادو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدات.

ئۆباما سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستانیش دوا، ئەو ناوی پەکەکەی لەگەڵ ناوی ئەلقاعیدە هێنا و رایگەیاند هەرچۆن بوونی ئەلقاعیدە لە عێراق نەخوازراوە، بەهەمان شێوەش بوونی پەکەکەش ناخوازرێ!! لەو برگەیەدا ئۆباما ئەو سیاسەتەی جۆرج دەبلیو بووشی دووپات کردەوە کە لە 5ی نۆڤێمبەری ساڵی 2007ی رایگەیاندبوو. ئەو کاتە بووش گوتبوی: 'پەکەکە دوژمنی هاوبەشی ئەمریکاو تورکیایە'

ئۆباما لە وتارەکەی خۆیدا بایەخی تایبەتی بە رەوشی کوردانی باکووری کوردستان دا، بەوهۆیەشەوە سوپاسی ئەو هەنگاوەی حکومەتی تورکیای کرد کە بۆ ناسین و هەبوونی کورد و مافی ئەوان هەڵی گرتۆتەوە، بەڵام دیاری کرد کە پێویستە تورکیا هەنگاوی باشتر بهاوێژێ.

ئۆباما بەتایبەت باسی مافی پەروەردە و زمانی کرد، باسی رووبەڕووبونەوەی مێژووی فرە پێهاتەیی و دەوڵەمەندی جیاوازیەکان کرد.

لە دوایشدا کاتێک ئەحمەد تورک لە ژووری سەرۆکی پەرلەمانی تورکیادا سەردانی ئۆبامای کرد، بەرلەوەی ئەحمەد تورک خۆی بناسێنی، ئۆباما رایگەیاندووە کە ئەو دەناسێ و خۆشحاڵی خۆیشی بۆ دەربڕی.

لەو بارەیەوە ئەحمەد تورک ئاشکرای کردووە کە باراک ئۆباما زۆر بە باشی ئاگای لە پرسی کورد هەیەو زانیاری تەواویشی سەبارەت بە کوردان پێدرابوو.

ئۆباما بۆ ماوەی 8 خولەک لەگەڵ ئەحمەد تورک کۆبۆتەوەو گوتویەتی: 'من دۆستی گەلی کوردم، پشتیوانی لە تێکۆشانی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆی دەکەم، بەڵام پێویستە ئەو تێکۆشانە بە توندوتیژی و شەڕی چەکداری نەبێ. دەبێ ئێوە بە میتۆدی ئاشتیانەو دیموکراسیانە درێژە بە تێکۆشانی خۆتان بدەن.'



## 'من دۆستی گەلی کوردم و پشتیوانی لە تێکۆشانی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی دەکەم، بەڵام نابێ بە توندوتیژی و چەکداری بەڕێوە بچێ

ئەحمەد تورکیش بە ئۆبامای گوتوە کە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک ریگەی چارەی دیموکراسی و ئاشتی و تێکۆشانی دیموکراسیانە دەخوازێ، بەڵام تا ئێستا 17 هەزار کەسی سڤیل بەدەستی کەسانی نەناسێندراو کوژراون'

لەلایەکی دیکەوە کاتێک باراک ئۆباما لەگەڵ فێرخوازانی زانستگە کۆبۆوەو وەڵامی پرسیارەکانی ئەوانی دایەوە، فێرخوازێک سەبارەت بە کوردستان پرسی: ئایا لە باکوری عێراق دەوڵەتێکی کوردی دروست دەبێ؟

باراک ئۆباما باسی هەرێمی کوردستانی نەکرد، بەڵام لەسەر کێشەی کورد راوەستا و گوتی؛ وەک هاوکاری بۆ تورکیا، ناتۆ و ئەمریکا لەدژی ئەوەن کە خاکی تورکیا پارچە ببێ، ئەو بەهەر شێوەیەک بێ تورکیاو یەکێتی و خاکەکەی دەپارێزێ، بەڵام باوەڕەم وایە کە کورد وەک مینۆریتە لە چوارچێوەی تورکیادا دەگاتە ماف و ئازادیەکانی خۆی، دەبێ هەموو هەموو ماف وناسنامەی خۆی بەدەست دێنێ.

ئۆباما کە وشەی مینۆریتەی بەکار هێنا مەبەستی ئەوەبوو کە کورد وەک گەلێک ماف و ئازادیەکانی خۆی مسۆگەر بکات. بەو واتایەی کە کورد لە تورکیا نەک وەکو خۆوڵاتییێکی تاکە کەس، بەڵکو وەک نەتەوەیەک مافەکانی خۆی و کەسایەتی خۆی بەدەست بێنێ.

پەسندکردنی کورد وەک مینۆریتە لەلای ئۆباما و باسکردنی مافی رەگەزی (ئەتنیکی) مینۆرەتەیی، لە راگەیاندنە فەرمیەکانی تورکیادا بێزاری لێکەوتەوە، چونکە تورک تا ئێستاش نەتەوەی کورد وەک مینۆریتە قەبوڵ ناکات و رەتیشی دەکاتەوە کەوەک گروپێک ماف و ئازادیەکانیان پێبدات، ئەگەرچی دەستپێک بە دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی تەرەتە6 لەژێر پاساوی ستاتۆی زمانی بیانی دەستی پێکردووە، بەڵام دەکرێ وەک سەرەتایێک بۆ داننان بە مافەکانی گەلی کورد لەلایەن دەوڵەتەوە لێکبدرێتەوە.

تورکیا ئێستا کە لە تەنگژەیەکی سیاسی و دیبلۆماسیدا بەسەر دەبات، بەتایبەتیش دوای رۆشنبوونەوەی رامانی ئیسلامیانەی پارتی دادوگەشەپێدان، ئیدی پێویستی زۆری بە هاوکاری و دۆستایەتی ئەمریکا هەیە، بەوهۆیەشەوە ناتوانێ سەنگەرێکی دیکە لەبەرانبەر خۆیدا بکاتەوە.

باراک ئۆباما لە یەکەمین پەیامی خۆیدا دوای سوێندخواردنی وەک سەرکۆماری ئەمریکا رووی دەمی لە سەرکردەی ئەو وڵاتانە کرد کە کێشەیان هەیەو رایگەیاند؛ ئەگەر ئەوان دەستیان شل بکەن و گوشار لەسەر خەڵکەکانیان کەم بکەنەوە، هاوکاریان دەکەین، بێگومان دەوڵەتی تورکیا یەکیکە لەوانەی کە کێشەو گرفتی زۆری ناوەخۆیی هەیە، دەشزانی کە ئیدارەی ئۆباما لەخۆڕاوە هاوکاری ناکات، بۆیە بەناچاریەوە دەبێ هەنگاوی کردەیی لەبەرانبەر کێشەی گەلی کورد هەڵبگرێتەوە، هەم ناسنامەی نەتەوەیی پەسند بکات هەمیش گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دەستووری خۆیدا بکات. سەرکردە تورکەکان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە ئیدی سەردەمی یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا بەسەرچووە، سەردەمی کرانەوەو سەلماندنی ناسنامەو زمان و ئاڵای نەتەوەکانی دیکەیە، لەو سۆنگەیەوە دەبێ ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی و ئاڵای کوردستان پەسند بکەن.

**سەربەست کانەبی**

# دووفاقیەتێک لە هەڵوێستی حکومەتی عێراقدا

## دەربارەی مانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە عێراق

لە مێژوودا زۆرێک نموونە هەبووە کە کاتێ کاروباری ناوخۆی وڵاتێک لە لایەن وڵاتی دیکەوە دەخرێتە بەر دەستدرێژکردن، دیمەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە،دەشێوێندرێ و یەکەم لایەنیش کە تیایدا زەرەرمەند دەبێ دانیشتووانی ئەم وڵاتەیە و هەر بۆیە هێز و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان و تەنانەت کاربەدەستانی وڵات تووشی بەرپرسایەتییەکی قورس دەبنەوە کە تەنیا بە رێگەی بەرخۆدان و هەست بە مەسئولیەت لە ئاست گەلەکەیان و دۆزینەوەی راستییەکان دەتوانن لێی رزگار بن. بێگومان هەنگاوی لەمجۆرە پێویستی بە ئازایەتی و بوێری هەیە.

هەڵوێستەکانی بەڕێز هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ئەلعەرەبیە و لە رۆژی 27ی مارسی ئەمساڵدا، بە بۆچوونی من یەکێک لەم هەنگاوانەیە و دەبێ رێز لە ئازایەتی و بوێری بەڕێزیان بگیردرێ، چ وەک وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق و چ وەک کوردێکی کاربەدەست لەم حکومەتەدا.

من پێموایە هەڵوێستی بەڕێزیان بەر لە هەر شتێکی دی، دەرخەری ئەم سیفەتەیە لە خستنەڕوی راستیەکان دەربارەی کەیسێکی هەستیار، کە هەرایەکی زۆری ناوەتەوە و هەر دێ و زیاتریش دەبێ. لەبەر ئەوەی لەمڕۆی عێراقدا، "خستنەڕوی راستییەکان" خۆی لە خۆیدا بەشێکی گەورەیە لەو هەنگاوانەی دەوڵەت و کۆمەڵ بەرەو دیموکراتیەت رادەکێشێ.بە واتایەکی دی، بەشێکی گرینگە لە چارەسەری کێشەکان. ئەو کەس و لایەنانەی بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ راستییەکان دەکەن ناتوانن دیموکرات یان پارێزەری بەرژەوەندییەکانی گەلەکەیان بن. هەر بۆیە لە شەقامی ئەمڕۆی عێراقدا و دەربارەی پرسی "دەرکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە عێراق" دووفاقیەتێک بەرچاو دەکەوێ لە شێوازی روانین و مامەڵەکردن لەگەڵید و باس لە دوو هەڵوێستی جیاواز دەکات.

یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێز و لایەنانەی بە داخەوە بەشێک لە حکومەتی عێراقیان داگیرکردووە و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بەرژەوەندی ئێراندا کار دەکەن و لەمڕۆی عێراقدا لە لایەن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراقەوە نوێنەرایەتی دەکرێن. جموجۆڵ و هەنگاونانی ئەم لایەنانە لەسەر بنەمای درۆهەڵبەستن و چەواشەکاری و خەوشدارکردنی کەش و هەوای دیموکراتیانەی کۆمەڵە بە مەبەستی ترسنانەوە و تۆقاندن، ئاکامەکەشی بریتیە لە گوشارهێنانی لە رادەبەدەر بۆ سەر کەمپی پەنابەرانی وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەتی کەمپی ئەشرەف لە پارێزگای دیالە کە هەر دێ و زیاتر بەرەو روودانی کارەساتێکی مرۆی هەنگاو دەنێ. ئەم لایەنانە چارەنووسی خۆیان بەستۆتەوە بە لە سەر پێ مانەوەی رژێمی ئێران و هەر بۆیە بە پەشۆکاوی و هیستریيانە و زۆر نەزانانە و گاڵتەجارانە هاتوونەتە مەیدان و دەیانەوێ جل و بەرگی عێراقیبوون بە پلانەکانی ئێراندا بکەن و تەنانەت بە راشکاوی "ئاسایش و مانەوەی رژێمی ئێران" بە ئاسایش و سەقامگیربوونی حکومەتی عێراق دەنوێنن. ئەم لایەنانە چێژ لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ وەردەگرن و تەنانەت هەڵگری داب و نەریت و ئەدەبیاتی رژێمی ئێرانن لە بیرکردنەوە و قسەکردن و کرداری خۆیاندا. موەفەق روبەیعی لە لێدوان لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئەلفورات گوتبووی: کارێکی وا دەکەین کە دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف بەرگەی مانەوە لە عێراق نەگرن و ناچار بن عێراق جێبهێڵن. دوابەدوای ئەمە بوو کە تەنانەت رێگرییان کرد لە سەردانی پزیشکانی عێراقی بۆ کەمپی ئەشرەف و بۆ نەشتەگەریکردن بۆ چەند دانیشتووی کەمپەکە و لەوانە ژنێکی کورد کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و بڕیار بوو هەر ئەو رۆژە (هەینی 14ی خاکەلێوە) نەشتەگەریی بۆ بکرێ. تاوانێک کە تەنانەت لە بەندیخانەکانی دەسەڵاتییێکی دیکتاتۆریشدا نموونەی زۆر کەمە.

بەڕێز هۆشیار زێباری بەر لە هەر شتێک لە وڵامی ئەم لایەنانەدا کە بە درۆ باسی ئەوە دەکەن کە دانیشتووانی ئەشرەف چەکدارن گوتی: "ئەوان لە چەک داماڵراون. پێشتر لە لایەن ئەمریکاوە، چەکە قورس و مامناوەندی و تانک و زرێپۆشەکانیان لێ سەندراوەتەوە و ئێستا ئەم سەربازگەیە بە «بێ چەک» دادەنرێ" و بە پشت بەستن بە دەستووری عێراق گوتی: "بە پێی دەستوور هیچ گروپێکی چەکدار بۆی نیە دژ بە بەرژوەندیی وڵاتانی دراوسێ هەنگاوی تیرۆریستیانەی هەبێ و لە سنوورەکانمانەوە هەڵسێ بە کاری سەربازی.بە پێی دەستوور ئەم کارانە رێگەنەدراون. دەوڵەتی عێراق ئەرک و ئیلتیزامگەلێکی هەیە لەم بوارەدا". لە راستیدا ویستوویەتی بڵێ کە دەرکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە بیانوی چەکداربونیان "نایاساییە". لەبەر ئەوەی ئەوان چەکدار نین.

بەڕێزیان لە بەشێکی دی لە لێدوانەکەیدا باس لە پێگەی یاسایی و جەماوەری و سیاسی موجاهیدین دەکات و دەڵێ: "بە تەئکید موجاهیدین لە عێراق دەرناکرێن، دەرکردنی ئەوان کارێکی هاسان نییە. ئەوان لە لایەکەوە رێککەوتننامەیەکی ستراتیژییانەیان ئیمزا کردبوو لەگەڵ حکومەتی پێشوو و لە لایەکی دیکەوە "ئەوان ئێستاکە تۆڕێک لە پەیوەندی و کار و بەرژەوەندییان درووست کردووە لەگەڵ کۆمەڵی عێراق و رێبەرانی سیاسی عێراقی و عەشایری هەن کە پشتگیرییان لێدەکەن و بابەتەکە هەرگیز بەم هاسانییە نییە" و ئەگاتە ئەو دەرەنجامە کە " ئێمە پابەندین بە تەسلیم نەکردنەوەیان یان دەرنەکردنی ئەوان و سەرپێچیکردن لەو رێککەوتننامانەی عێراق ئیمزای کردوون، واتا پابەندین بە پەیماننامە مرۆییەکان" و گوتیشی: "کاتێ ئەمریکا ئەم سەربازگەیەی رادەستی کاربەدەستانی عێراق کرد، دەوڵەتی عێراق بەڵێنی دا کە رێز بگرێ لە مافەکانیان و پابەند بێ بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوونی خۆی راگەیاند بە نەگەڕاندنەوەی هەر کام لە ئەندامانی رێکخراوەکە بە زۆرەملی بۆ ئێران یان بە بێ ئارەزوویی خۆیان. مەگەر بە ئارەزووی خۆیان بێ.

بەڕێز هۆشیار زێباری دەربارەی رەوشی دانیشتووانی ئەم کەمپە چەند خاڵێک بەرجەستە دەکات کە هەتا رادەیەک دەرخەری راستییەکانیانە و لەوانەشە لایەنە دۆست و پەیوەندیدارەکانی ئێران ئەمانەیان بە لاوە خۆش نەبێ، کاتێ باس لە بڕیار و یەکدەنگی ئەم پەنابەرانە دەکات دەربارەی مانەوەیان لە عێراق و باوەڕی مەحکەمیان بە رێبازەکەیان و هەروەها بەهێزبوونی رێکخستنەکانیان و دەڵێ: "هەیئەتەکانی سەر بە وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ، وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی عێراق هەڵسان بۆ هاندانی ئەوان بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران یان یارمەتیدانیان بۆ چوون بۆ وڵاتانی دی، بەڵام سەرنەکەوتین" و گوتیشی: "ئەوان چالاکن و باوەڕی توندیان هەیە بە بیرۆکەی رێکخراوکەیان و نەیاری جێهێشتنی ناوچەکە و چوون بۆ دەرەوەی عێراق یان گەڕانەوە بۆ ئێرانن، هەرچەند زۆربەی ئەوان پاسەپۆرتی ئەوروپاییان هەیە و لەو پەنابەرانەن کە لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپادا نیشتەجێ بوون".

ئەوەی لە سەرەوە بە کورتی ئاماژەم پێدا، چەند لایەنێکی لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق بوو کە بە بۆچوونی من جێی سەرنج و تەئکیدکردنە و باس لە رای گشتی لە عێراق دەکات و لە هەمانکاتدا هەڵوێستی کورد دەربارەی ئەم پرسە دەردەخات و گونجاوی ئەو چەند بەیاننامەیەیە کە پێشتر بۆ پشتگیریکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەرکرابوو لە لایەن ملوێنان عێراقی بە کورد و عەرەبەوە و بە تایبەتی سێ ملیۆن شیعەی عێراق و هەر بۆیە ئێران بە تەواوی تۆقاوە لە هەبوون و مانەوەی ئەوان لە ناو خاکی دراوسێ رۆژئاواییەکەیدا.

ئەوەی وەزیری دەرەوەی عێراق باسی کردووە لەم لێدوانەدا، نەک دیفاعکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بەڵکو "بینینی راستیەکان و خرانەروویانە" و ئەم کارەش خۆی لە خۆیدا ئازایەتییە و بەر لە هەر شتێک لە بەرژەوەندیی گەلی عێراق و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ و حکومەتە ساواکەی عێراقدایە.

**مستەفا زەنگەنە**
**لەندەن**